# ئارەزووەکانی سەرخاکەناس!

کەیهان عەزیز

گەر ئەو خاکەنازە نەدرایە بەسەرما،ئەوا ئێستا منیش وێنەیەکم بەبۆینباخ وچاکەتێکی جوانەوە لەپاڵ کتێبخانەکەتدا دەگرت ودەمنارد بۆ سایتەکان وهەفتانەش وەک زووربەی ئەو ئینشا نووسانەی کەخۆیان لێبۆتە نووسەر،خەریکی زبڵنووسین دەبووم.باوەڕبکە چەندکەسێکیان لێدەناسم هەمویان شەوان خەریکی کاوێژ وکۆپیکردنەوەی ڕۆژنامەعەرەبی وفارسی وئینگلیزیەکانن (گەر ئینگیزی بزانن),پاش مونتاژکردنەوەی ئەوجا خۆیان لێدەبێتە نووسەر وفەیلەسوف وئەو میلەتەی پێچەواشەتر دەکەن !

زۆر جاران هەستدەکەم خاوەن سایتەکانیش وەک ئینشانووسەکانن،چۆن ئەوان کۆمپلێکسێک پاڵیان پێوە دەنێت زبڵنووسی بکەن،ئەمانیش دوورنیە کۆمپلێکسێکی دەردناکتریان نەبێت، کەوای لێکردوون ئەم زبڵانە لەسایتەکاندا پەخشکەن .

دوێنێ شەو بەمەستی(وەک ئەمشەومان) سەیری ئەلبوومی وێنەی زبڵنوسەکانم دەکرد(هەمویان ناڵێم).لەچاوتروکانێکدا (وەک لەساوناداا بن!) هەمویانم بەرِوت وقوتی هاتەبەرچاو! قاقا دایگرتم!ئەوجا بەدەم ئەو خەیاڵەوە خەریکی خوێنەوەی ناونیشانی ئینشاکانیان بووم.یەکێ نوسیبووی: سوریا لەبەرانبەر ئەگەر ونەگەردا!ئاخرکاکی شاکارنووس چۆن وا دەبێت، بۆمان ساغکەرەوە، ئەگەر یان نەگەر!هەرکامێکیشیان بێت بە تۆ چی؟!یەکێکی دی"هستێریای کەرکوکیتی،بەمەرجێک سەرۆک حیزبەکەی سەد کەرکوک دەکاتە قوربانی کورسیەکی شکاو لەبەغدا.کۆلکەیەکی تریش هەرئەوەی مابوو ئەمناوەبۆ میعرەکەی(ئەو دەسکە کەوەرەی لەبری ڕۆحم بەمیز ئاودرا)هەڵبژێرێت.لەهەموی خۆشترئەم ناونیشانەیە کەئێستاکە باوە"ئیبنولقەپقاپ دۆستی کوردەو بەبێ ژووری نوستنیش ئامادەی جوتبوونە لەگەڵ دۆزی کورددا. فلانە کەس دۆستی کوردە وگەر بتوانین وبزانین وبفکرین دەتوانین شتێکی بۆ کوردپێبکەین!"ئاخر ئازیز,کاتێک کورد خۆی دوژمنی خۆیەتی باسی دۆستی چی دەکەی ؟ تۆوادەزانیت دیسکەڤەرتکردووە؟! بەدەر لەمانەش نەخۆشیەکی تر کەنازانم پێتزانیوە"دکتۆر فیکلانکۆ،ئەندازیار فلانەکەس،قوتابی بەشی میدیا لەفلانەکۆلیژ،خوێنەری ماستەر بەکاستەر.....!باشە ئەمەحاڵی ئینشانووسەکانە دەی بۆ نایەڵیت منیش دەستم قەڵەم بگرێت.خۆ منیش کۆلیژم تەواوکردووەو ئەندازیاری کشتوکالیم.بەڵێن بێت هەر ئینشایەک گەر تۆ ئۆکەی ت نەکرد فرِێیبەمەسەتلی زبڵەکەوە وپێشگریش بۆ ناوەکەم نەنوسم تانەڵێن نەخۆشە...!

-ئاخر تۆ کەدەزانی ئەوان ئەوە حاڵیانە،بۆچی دانانیشیت بخوێنیتەوە،چاکتر نیە؟ زبلّنوسێکمان کەمتر بێت.ڕاستە ئەم زبلّنوسیەش بۆتە باو بەڵام ئەم پرێۆدەیش گوزەرایە.جاران،ماوەیەک سەرتاشخانە کاری باش بوو، لایەک لەشار بووبوونەسەرتاش ولاکەی تریش ،سەریان داپاچراوو و قژ بەسەریانەوە نەهێڵرابوو.کاربەوە گەیشتبوو سەرتاشەکان بۆ ڕاکێشانی موشتەریەکانیان دەمووچاووو برۆشیان بەخۆڕایی بۆچاک دەکردن!ماوەیەکی تر باوی نان بەقیمە(کولێرە بەیۆرانیۆم) بوو.لایەک لەشارخەریکی گونکدروستکردن وپیاز جنین وشیّلانی قیمە بوون و،کاری قەسابیش ڕەونەقێکی چاکی پەیداکردبوو،وەلی خاڵی نێگەتیڤی ئەم قەسابی زۆربوونەش لەوچەقۆکێشیە بەرفراوانەداخۆیدەنواند کەفەزای شاری گرتبووەوە.ماوەیەکی تر مۆدی بوون بەجاشبوو. پاش ئەوەی جادەکەش تەخت بوو، بووبەمۆدی پێشمەرگایەتی.ئەوجا هەندێکیان بەعەینەکێکی لەحیم و قابلەمەیەکی هەفتاوپێنجیە(مەخزەن-خشاب)وە لەپشتی مەسئوولە فەلەکانەوە خەریکی پاس بوون .

تۆبۆ تێمناگەیت،من خاکەنازیش نەدراوە بەسەرما و وێنەشم بڵاونەکردۆتەوە کەچی تاقەتم لەو هەفتەبازاڕەچووە.پاشان بۆ کێ؟کەس هێندەی کورد درێژدادڕانە باسی ئازادی،حەقیقەت،،گۆڕینی واقیع،مارکسیزم،ناسیونالیزم،مۆدێرنە،پۆست مۆدێرنە ،ئایەندە،سەرکەوتن،گەورەیەتی خوا،تارات،بەرماڵ....ناکات.دەزانی ئێمەش بەدەردی عەرەب چووین وبەخۆمان نازانین.ئەوانیش هەر باسی یەکێتی عەرەب،سەرکەوتن وشارستانیەت.... دەکەن،وەلی هەموویشی دروشم وکاژە،بەخێرایی لەبەری دەکەن وزوویش دایدەماڵن.تازە هیچ نەبێت ئەوان خاوەنی دەوڵەتن ،وەلی ئێمە هێندە هیچ لەباردابن، پێدەچێت کەی مرۆڤ توانی لەمەریخ زیندەگی بکات، ئەوساکە بتوانین ببینە خاوەنی دەوڵەت.ئەمەیە دەرد. میلەتێک ئاستی بیرکردنەوەی بچوک بێت،پێناسەشی بۆ ئازادی دیاریکراو دەبێت.ماوەیەک بەهۆی نوسینی کتێبێکی شکستخواردوو وازم لەکوردی نوسین هێنابوو،کەچی لەولاوە کۆمەڵێک هاوڕێ وایاندەزانی لەترساندا نانوسم وبەقەولی یەکێکیان کەبەناوی نهێنیەوە دەنوسێت!گوایە ئیفلاسم کردووە!منیش لەبەر ڕێزی هاوڕێیەتی پێم نەگوت"زیکی!".بەزەییم پیادەهاتەوە کە تازە لەقۆناغی(حەمیلەوحامیلەدا)بوو.ترشیاتفرۆشێک کە بۆینباخە(کاراوات)کەی لەڕەنگی ئەو کاندۆمە پەمەییە دەچوو ،ئێستاگلەیی لەو ڕۆژە دەکات کەچۆن فریویخواردو خۆی لێبوو بەسیاسی ونووسەرو ،جیهانی واقعی ترشیاتیشی کردەقوربانی ،جیهانی فریوی سیاسەت.گلەیی لەوەدەکات کەچۆن کۆمەڵێک ڕاستی ئیکسپایر بووی لێبووبووە لۆژیک .ئەو هاوڕێیانە گلەیی وخەمی ئیفلاسی (وەرشکستەگی)منیانە!دەڵێن لەکاروان جێ نەمێنیت! ئاخرکام کاروان ؟مەگەر قەرارە بۆ 700ساڵی تریش کورد ببێتە دەوڵەت؟مەگەر قەرارە کورد وەک گەلانی دنیا یاساکانی سروشتی بەسەردا بچەسپێ و،بگۆڕێت؟مەگەر قەرارە بڕوا بکەین100ساڵی دیکەش لەهەمان ڕۆژدا لەبری بوونی سەرکردایەتیەکی تەکنۆکرات وسکۆلار وتلۆراڵت ومۆدێرن ،کوڕی کوڕەکەی مەسعود یان

جەلال یان مەلانازانم کێ، دەسەڵاتدار نەبن؟ میللەتی کوردیش وەک ئەوانی تری ناوچەکە(مینهای ئیسرایل)پریمیتیڤە.بەڕاست،ئێمە چیمان لەفارس وتورک وعەرەب زیاترە؟ئەوان بەهەمووخواروخێچیەکیانەوە توانیان دەوڵەت وشناسنامەکەیان بپارێزن،سەرکردەکانیان بەبێ فشە فشکردن توانیان دەوڵەتیان بۆ دروست بکەن! ئەوانەی ئێمە(قازی محەمەدی لێدەرچێ) کامیان شتێکیان بۆ کوردکردووە واکراونەتە نیلسۆن ماندیلا؟

کەشورەوی (سۆڤیەت)ڕووخا،پەیکەری لینین (کەخاوەنی زیاترلەهەزار لاپەڕەنوسراوەیە) میزی پیاکرا!کەچی ئەوانەی شەرق سەرەڕایئەوەی خاوەنی 6دێڕیش نین ودیکتاتۆریشن بەقوتابخانەی تێکۆشان ،ئازایەتی ،سازندگی، ناوزەد دەکرێن.دیسان دەیانوت: چما ئەم قسانەی سەرەوە ناکەمە وتارێک(یان با بڵێم ئینشایەک)وبڵاوی بکەمەوە؟منیش لەوەڵامدا وتم:"بۆچی ؟بۆکێ؟ بۆکورد نازانێت سەرکردەکانی نەخوێنەوار ودیکتاتۆر وشڕەخۆرن؟کوردیش وەک میلەتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەیمونئاسا،کاری ماستاو وچەپڵەلێدانە بۆ سەرکردە. گرنگیش نیە سەدام ،خومەینی،بارزانی ،تاڵەبانی،مەلاعوسمان،یان فلانە....بێت!کاری ئەو چەپڵەوسەمایە.وتنەوەی سرودی (حزب ئایسکرێم نیە بتوێتەوە، تاکورد مابێ ناتوێتەوە،ناتوێتەوە،نااااتوێتەەوەەەەەەەەه!)یە.ئەمەیە پرێمیتیڤبوون.لەوکەلاوەیەی کەپێیدەوترێت وڵات،پردێک دروستدەکرێت تیڤی دەستدەکات بەپیاهەڵدان بەسەر سەرکردەدا! 16 میزەڵان یان تۆپی نایلۆن(پلاستیک)بەسەر منالانی هەژاردا دابەشدەکەن، وەک مەیمون دەیانهێننەسەر تی ڤی تا میللەتی بەئەمەک وخۆڕاگروشەهیدپەروەر ،دەستاوەردەکانی سەرکردایەتیەهێژاوبەڕێزەکەی بەچاوی خۆیان ببینن.لایەک لەوڵات لەبەر بۆگەنی بێزێرابی کاسبووە وەلی تی ڤی باسی دەسکەوتەکانی سەرۆکی بێبۆنمان بۆدەکات.وڵاتێک ئوتوبانێکی تیانیە،تی ڤی نایبینێت! کەچی 16 تۆپی نایڵۆن دەخەنە نێو سەرخەتی هەواڵەکانەوە. کابرا بەمردنی خوایی مردووە لێمان دەکەنە شەهید....!"گەر ئەمانەبنوسم وپەخشکران،گوایە من بوێرم و واقیع دەگۆڕم؟نا من ئەوانەنانوسم.ئێمە بەهۆی چەندکتێبێک توانیمان خۆمان بگۆڕین وەلی ئەوکەسەی نایەوێت بگۆڕێت چی؟وەڵامم مەدەنەوە.وەڵامەکانتان هەڵگرن بۆخۆتان،وەلی نامەوێ چیدی بەوشێوازەبنووسم."

ئێستاکەیش ئەم قسانەم بۆکردی تالەبیری خوێنەوەدا بیت وخۆتبگۆڕیت. نەک بەم نەخوێنەواریەتەوە، بتەوێت بەکۆمەڵێک ئینشا ئەو میلەتە دەستلێوەشێنراو وبێچاوەزارە بەدبەختر بکەیت.

Brussel,15-03-05